# دەمامکێکی جوان،جەستەیەکی نەخۆش

## نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)

بە وورد بوونەوە لەو فلیمە کوردییانەی کە تا ئێستا بەرهەم هێنراون ئەو حەقیقەتەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆرێك لەو فلیمانە ئەو کارەسات و ڕووداوانە ئەکەن بە بابەت کە بەسەر کوردا هاتوون.فلیم سازی کورد تا ئێستاش بە شوێن نیشاندان و پێناسە کردن و جوان کردن و ماکیاج کردنی نەتەوەیەکە.ئەم دیاردەیە ئەگەر بە تەجرید مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت ،نەگەتیف نایەتە بەر چاو،بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی واقعی ئەمڕۆی نەتەوەکە بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقدا ،ئەم دیاردەیە ئاستێکی تر لە خوێندنەوە لە خۆ دەگرێ.کۆمەڵگا لێواو لێوە لە دیاردەی دزێو،تژییە لە نەخۆشی کۆمەلایەتی، پڕە لە نائومێدی،کۆمەڵگا پایەکانی خۆی لەسەر سینگی دوژمن کوتاوە ،بە نەمانی دوژمن دووچاری داڕوخان ئەبێت.کەچی تا ئێستاش ئێمە هەر ڕەخنە لە دوژمن دەگرین و گۆشە ڕەشەکانی ژیانی بندەستی ڕوناك ئەکەینەوەو لە بەرامبەر دوژمندا خۆمان پێناسە ئەکەین.

ڕاستە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو کارەسات و ڕووداوانە گرنکە چ بۆ خۆمان و چ بۆ مرۆڤایەتی،بەڵام ئەوەندەی ئەرکی نیشاندان و گێڕانەوەی چیرۆك و حەقیقەتی ئەو کارەساتانەمان لەسەرە بە قەد ئەوەش بەرپرسیارین لە درووست کردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست و مۆدرن،سکولارو ئازاد.دەست بردن بۆ ڕابردوو ڕاکردنێکی فێڵبازانەیە لە ئێستا، ئێستایەك کە ئاکامێکی سرووشتی ڕابردووی خۆی نییە،ئێستایەك کە دەبوو ڕەنگەکانی ئەو هەموو کارەسات و ڕووداوانە ئارایشیان بکردایە.فلیم سازی کورد تا ئێستاش کۆیلەی بۆچوونێکی سەقەتە کە ئەڵێت (بە نیشاندانی گۆشە نەگەتیڤەکانی کۆمەڵگا نەتەوەکە لەبەر چاوی دونیا ناشیرین ئەبێت)ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە، پەیڕەو کردنی ئەم حیکمەتە ناڕاستەوخۆ بەرگرتنە بە چوونە پێشەوەی کۆمەڵگا.ڕەنگە بەم کارە بتوانین دەمامکێك بۆ ڕوخساری نەتەوەیەك ساز بکەین، دەمامکێکی جوان،بەڵام بۆ جەستەیەکی نەخۆش.

2005-5-30